بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ٣١/ ٢٠١١/١٢ بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە ( ٢٢ ) ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت

## لە هەرێمی كوردستان- عیراق

## بەشی یەكەم

## ( پێناسە و ئامانج )

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەكەم :** هەرێم: هەرێمی كوردستان- عیراق.

**دووەم :** وەزارەت: وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم :** وەزیر: وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم :** ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمدا.

**پێنجەم :** خاوەن پێداویستی تایبەت: هەر كەسێك تووشی ناتوانابیەكی یان بەشەكیی جەستەیی یان ناجەستەیی و بە شێوەیەكی نەگۆڕبێت، لە هەر یەك لە هەستەكانی یان تواناكانی جەستەیی یان دەروونی یان عەقڵی بە رادەی ئەوەی رێ لە كاری وەزیفیی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێكی جەستەی بگرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی رێگرتن لە وەدەستهێنانی پێداویستییەكانی ئاساییانەی ژیانی .

**شەشەم :** كەمئەندام: هەر خاوەن پێداویستییێكی تایبەت تووشی پەككەوتنی جەستەیی بەشێوەیەكی هەمیشەیی یان هەمەكی، یان بەشەكیی جەستەیی یان ناجەستەیی و بە شێوەیەكی بەردەوام هاتبێ.

**حەوتەم :** پسوولەی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت: ئەو پسوولە تایبەتەیە كە كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت پێناسە دەكات و وەزارەت دەریدەكات، و ڕێ بە هەڵگری دەدات سوود لەو ماف و ئیمتیازاتانە وەربگرێت كە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەكان دەیبەخشن.

**هەشتەم :** شیاندن: كۆی ئەو خزمەتگوزارییە پزیشكی و پەروەردەیی و فێركردن و كۆمەڵایەتی و پیشەیی و دەروونییە و دابینكردنی ئامرازەكانە بۆ ئاسانكردنی پێگەیشتنی بە مەبەستی ئەوەی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت بتوانن ژیانی خۆیان بگوزەرێنن و یارمەتییان بدرێت بۆ تێكەڵ بوون لەگەڵ كۆمەڵدا.

**نۆیەم :** بنكەكانی شیاندن: ئەو بنكانەن كە دووبارە شیاندن بە كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت دەدەن و پاڵپشتی لە پرۆگرامەكانی شیاندن و تێكەڵ كردنیان لە نێو كۆمەڵدا دەكەن.

**دەیەم :** بنكەكانی حەواندنەوە: ئەو بنكانەن كە كەم ئەندامان دەحەوێننەوە كە لە لایەن كەس و كاریانەوە بەخێو ناكرێن و ئەوانیش پێویستییان بە چاودێری و بایەخ پێدان هەیە و ڕۆڵی دووبارە شیاندنەوە دەگرنە ئەستۆ.

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی ئەم یاسایە:

**یەكەم :** لە ئەستۆ گرتنی مافی هەموو كەسانی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەتن و مسۆگەر كردنی هەموو ماف و ئازادییە بنەڕەتییەكانیان شان بە شانی ئەوانی دیكە.

**دووەم :** زامنكردنی شكۆی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و سەربەخۆییان لە نێویانیشدا ئازادیانە لە بڕیارەكانیاندا و سەربەخۆبوونیان لەو ڕووە.

**سێیەم :** پەرەپێدانی تواناكانی منداڵانی كەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان.

**چوارەم :** گرتنەبەری هەموو ڕێكارێك كە دەبێتە هۆی مسۆگەركردنی تێكەڵ بوونیان بە ژیانی گشتیی كۆمەڵ

## بەشی دووەم

## ( ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت )

**ماددەی سێیەم :**

ئەنجومەنێك بۆ چاودێری و شیاندنی كەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمدا دادەمەزرێت و وەزیر سەرۆكایەتیی دەكات و هەر یەك لەمانە دەبنە ئەندامی:

**یەکەم :** بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری و، پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**دووەم :** نوێنەری ئەم وەزارەتانەی دادێن بە مەرجێك پلەیان لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- خوێندنی باڵآ و توێژینەوەی زانستی.

٢- پەروەردە.

٣- تەندروستی.

٤- رۆشنبیری و لاوان.

**سێیەم :** نوێنەرێکی کۆمەڵەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت.

**چوارەم :** وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی هەر شارەزایەك لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەت بکات بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا.

**پێنجەم :** فەرمانبەرێك کە بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست هێنابێ ئـەرکی رێکخستن و بـەڕێوەبردنی کارەکـانی ئەنجومەن دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم :** ئەنجومەن ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

١- گفتوگۆ کردن و دانانی ستراتیژ و بڕیاردانی سیاسەتی نموونەیی تەواوکار و ئامادە کردنی ژینگەی گونجاو بـۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

٢- دیاری کردنی رێکار و دانانی راسپاردە بۆ دابین کردنی چاودێری و شیاندن بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەدواداچوون و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنیان.

٣- بڕیاردانی پرۆگرامی تایبەت بۆ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت و یەکسان بوونیان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**دووەم :** ئەنجومەن بە لایەنی کەم مانگی جارێك کۆ دەبێتــەوە و وەزیـریش بـۆی هەیــە لــەکاتی پێویـستدا بـۆ کۆبوونەوە بانگهێشتی بکات.

**سێیەم :** سندووقێك بۆ چاودێری کردن و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت دادەمەزرێت و لە نێو بودجەی وەزارەتدا بودجەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت، پێبەخشین و سامانی راسپێردراو کراو یـان هەر داهاتێکی دیکەشی دەخرێتە سەر و سندووقیش لە لایـەن ئەنجومەنـەوە بـەڕێوە دەبردرێـت و بـە پەیڕەوێك کاروبار و شێوازی کار کردنی رێك دەخرێت.

## بەشی سێیەم
## ( مافەکان )
## لقی یەکەم
## "مافی پاراستن و چاودێریی کۆمەڵایەتی"

**ماددەی پێنجەم:**

"حکومەت ڕێکاری پێویست دەگرێتەبەر بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە نێو خێزانەکانیان، یان لە خانەکانی لەخۆ گرتن و بنکەکانی شیاندندا.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم :** ڕێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکیی پسپۆڕەوە دیاری دەکرێت بەگوێرەی پێوەرێکی تایبەت دەبێت کە وەزارەت دەری دەکات.

**دووەم :** ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە دەیانگرێتەوە بەچاو پۆشین لەسەرچاوەی داهاتیان مافی وەرگرتنی لەبری کەمئەندامییان هەیە، کە یەکسانە بە دوو لەسەر سێی بڕی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

**سێیەم:** سەرباری ئەوەی لە بڕگە (دووەم)ی ئەم ئامادەیەدا هاتووە، ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) دەیانگرێتەوە لە کەسانی نافەرمانبەر، مافی کۆمەکێکی سەرباری هەیە کەبەم شێوەیە دەبێت:

کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی × ڕێژەی پەککەوتن.

**ماددەی حەوتەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ڕاژەی مەدەنی و سیستەمی مۆڵەت، خانمە فەرمانبەری کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، مافی مۆڵەتی تایبەتی بە مووچەی تەواو هەیە و لە سەر مۆڵەتەکانی دیکەشی ناژمێردرێت، ئەگەر دووگیان بوو و، لیژنەی تایبەتمەندی پزیشکی ڕای سپیارد کە حاڵەتەکەی پێویستی بەو مۆڵەتە هەیە.

**ماددەی هەشتەم:**

خۆ تەرخان کردن بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام.

هەر کەسێك خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێك تەرخان کرد کە ناتوانێ بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆیەوە بچێت، هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی پێویستییەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بە کەسێکە هەمیشە لەگەڵیدا بێت، مافی هەیە سوود لە قەرەبووی خۆ تەرخان کردن ببینێت و بەم شێوەیە دادێ:

**یەکەم :** ئەگەر خۆ تەرخانکەر مووچەی حکومەتی هەبوو:

١- مۆڵەتی بە مووچەی تەواو لەگەڵ دەرماڵە چەسپاوەکانی پێ دەدرێت، هەروەها مافی سەرمووچە و بەرز کردنەوە و هەموو مافێکی دیکەی هەیە کە مستەهەقیەتی وەك هاوچەشنانی لە فەرمانبەران بۆ چاودێری کردنی یەك کەمئەندام.

٢- سەرباری ئەوەی لە بڕگەی پێشوودا هاتووە، مووچەیەکیشی بۆ خەرج دەکرێت کە یەکسان بێت لەگەڵ رادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم، بۆ چاودێری کردنی دوو کەمئەندام.

دووەم : ئەگەر خۆ تەرخانکەر مووچەی حکومەتی نەبوو:

١- مووچەیەکی پێ دەدرێت کە یەکسان دەبێت بە رادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم بۆ چاودێری کردنی یەك کەمئەندام.

٢- مووچەیەکی پێ دەدرێت کە یەکسان دەبێت بە رێژەی (١٥٠٪)ی رادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم بۆ چاودێری کردنی دوو کەمئەندام.

سێیەم:

١- نابێ هیچ کەسێك لە یەك کاتدا خۆی بۆ چاودێری کردنی زیاتر لە دوو کەمئەندام تەرخان بکات.

٢- حکومەت دابینکردنی چاودێری بۆ ئەو کەمئەندامانە مسۆگەر دەکات کە کەسیان نییە چاودێرییان بکات.

چوارەم : مۆڵەتی خۆ تەرخان کردن ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

## لقی دووەم
## "مافی پەروەردە و فێرکردن"

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: هەر کەسێکی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت مافی فێربوونی هەیە، ئەویش بە مسۆگەر کردنی بەدەست هێنانی دەرفەتی چوون یەك بۆ وەرگرتن لە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن بە هەموو قۆناغەکانییەوە، لە نێویاندا خوێندنی باڵا و ئاسان کردنی بەردەوام بوونی تێیدا و، نابێ کەمئەندامی ببێتە رێگر لە بەردەم وەرگرتنی لە هەر دەزگایەکی پەروەردەیی یان فێرکردنی فەرمی یان تایبەتدا.

دووەم: دەبێ حکومەت رێگای فێرکردنی گونجاو و تایبەت بە کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکات بە گوێرەی جۆری کەمئەندامییەکە و پێویستییەکانی و مامۆستا و وانەبێژانیش لەم بوارەدا ئامادە بکات و تێکڕای پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکات تێکڕای کاروباری پەیوەندیدار بە فێرکردنیان رێك بخات، کە بوار بە هەموو قوتابییەکی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستیی تایبەت دەدات بچێتە بەر خوێندن و هاوشانی قوتابیانی دیکە لەگەڵ بەرنامەکانی خوێندندا بڕوات.

سێیەم: بایەخدان بە پەروەردە کردنی منداڵانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە قۆناغی ساواییدا .

## لقی سێیەم
## "مافی شیاندن و کار"

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** یاسا مافی کار کردن بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت، وەك تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵ زامن دەکات و شیاندنی و دابین کردنی دەرفەتی کار بەو جۆرەی لەگەڵ توانا و بەهرەکانیدا لە چوارچێوەی بنەمای یەکسانی و چوون یەکبوونی دەرفەت بگونجێت.

**دووەم :** وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیداردا ئەرکی شیاندنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ بۆ وەرگرتن لە بنکەکانی مەشقی پیشەیی و کردنەوەی وەرشە یان دەزگای کار پێ کردن و بەدواداچوونی کاریان لە چوارچێوەی ئەو فەرمانگانەی سەر بە ئەون.

**سێیەم:** حکومەت پەیوەست دەبێت بە تەرخان کردنی وەزیفە لە کەرتی گشتیدا بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت بە ڕێژەیەك کە (٥٪) لە تێکڕای ژمارەی وەزیفەکان کەمتر نەبێت، ئەویش لە پاش شیاندنیان.

**چوارەم :** حکومەت هانی خاوەن پرۆژەکانی تایبەت دەدات کە دەرفەتی کار بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکەن ئەویش لە پاش شیاندنیان بەو جۆرەی لەگەڵ خواستی کاردا بگونجێت و، حکومەتیش تا ماوەی (سێ ساڵ) نیوەی مانگانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ ڕەچاو کردنی حوکمەکانی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایە.

## لقی چوارەم
## "مافی گواستنەوە و ژینگەی شیاو"

**ماددەی یازدەم:**

**یەکەم :** کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت مافی سوود وەرگرتنی هەیە لە ئیمتیازاتی تایبەت بۆ ئاسان گواستنەوەی و بەجێ گەیاندنی کاروباری ڕۆژانەی ئەویش بە گوێرەی جۆر و پلەی کەمئەندامییەکەی، حکومەت و کەرتی تایبەتیش کار بۆ ئامادە کردنی ژینگەی گونجاو دەکات بۆ ئاسان کردنی جوولەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و دابین کردنی ئاسانکاریی پێویست تا بتوانن ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتیی بەکار بهێنن.

**دووەم :** هەموو کەسێکی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت مافی سوود وەرگرتنی لە ژینگەیەکی شیاو هەیە، هەروەها گەیشتن بە هەر شوێنێك کە خەڵکی دی دەتوانن بیگەنێ، بە جۆرێك سەربەخۆیانە ئازادیی جوولانەوە و بە ئاسانی گەیشتن بە شوێنان و بەدەست هێنانی خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین بکات.

**سێیەم :** حکومەت کار دەکات بۆ ناچار کردنی لایەنی فەرمی و نافەرمی کە پابەندی مەرج و مواسەفاتی جیهانی و تەکنیکی و ئەندازەیی و تەلارسازانە بن، کە دەبێ لە بینا و دامەزراو و یاریگای گشتی و پەرستگا و شوێنانی گشتی و تایبەتدا، بە کۆن و نوێیانەوە هەبن، کە کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت پێویستییان پێیانە.

**چوارەم :** دەبێ فەرمانگەکانی هاتوچۆ نیشانەکانی جوولە و هاتوچۆ بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت بخەنە نێو تاقی کردنەوەی بەخشینی مۆڵەت بە شۆفێران.

## لقی پێنجەم

## "مافی چاودێری و خزمەتگوزاریی تەندروستی"

**ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم:** حکومەت زامنی وەدەستهێنانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات لە خزمەتگوزاریی تەندروستی بەخۆڕایی و ئاسانکاریی پێویستیشیان پێشکەش دەکات ئەگەر حاڵەتەکە پێویستیی بە چارەسەر کردن هەبوو لە دەرەوەی هەرێم.

**دووەم :** حکومەت کار دەکات بۆ:

١- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی خۆپارێزی و چارەسەرکردن و پەرە پێدانی خزمەتگوزاریی پشکنینی پێش وەختە کە ئامانجی کەم کردنەوەی ڕێژەی کەمئەندامییە لە نێو کۆمەڵدا.

٢- دابین کردنی ئامێری شیاندن و قەرەبووکارانە و ئامێری پزیشکی پێویست و دابین کردنی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ یارمەتیدانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت.

## لقی شەشەم

## "مافی وەرزش و پشوودان"

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم :** لەسەر حکومەتە کە دەرفەتی وەرزش و خۆشبەسەر بردن بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکات یارمەتییان بدات تا وەرزشی گونجاو بەخۆیان بکەن، ئەویش بە گونجاندنی یاریگا و هۆڵ و خێوەتگە و یانە دامەزراوەکانیان لەگەڵ باری کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت و ئامێرو پێداویستیی پێویستیان بداتێ.

**دووەم :** لەسەر حکومەتە پشتیوانی لە بەشداری کردنی کەمئەندامان و خاوەن پێدوایستیی تایبەت بکات لە پرۆگرامەکانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیی وەرزشدا.

**سێیەم :** کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە کرێی چوونە ژوورەوەیان بۆ شوێنانی وەرزشی و کولتووری و کات بەسەر بردن و شوێنەواری حکومیدا دەبەخشرێن.

## بەشی چوارەم
## "حوکمە سزاییەکانە"

**ماددەی چواردەم :**

**یەکەم :** بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێتە، هەر کەسێك خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێك یان خاوەن پێداویستییەکی تایبەت تەرخان دەکات و کەمتەرخەمی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەیدا دەکات یان لە بەجێ گەیاندنی ئەوەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پێویستە، سەرباری بڕینی قەرەبوو کردنی خۆ تەرخان کردنەکەی.

**دووەم :** وێڕای پێشێل نەکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە کار پێ کراوەکان لە هەرێمدا، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ، خاوەنی ئەو پرۆژەیەی کە پەیوەست نابێت بە مەرج و مواسەفاتی جیهانی و تەکنیکی و ئەندازەیی و تەلارسازی کە دەبێ لەو بینا و دامەزراوانەی کە دروستیان دەکات هەبن، بەو جۆرەی کە لەگەڵ حاڵەتی کەسانی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستیی تایبەتدا ناگونجێن.

## بەشی پێنجەم
## "حوکمە کۆتاییەکان"

**ماددەی پازدەم :**

**یەکەم :** دەبێ وەزارەتەکان هاووڵاتییان بە مافی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت هۆشیار بکەنەوە و، کار بۆ پێشکەش کردنی یارمەتیی پێوست بکرێت و بەباشی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و تێکەڵ بە کۆمەڵ بکرێن.

**دووەم :** وەزارەت بۆی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کە خزمەتگوزاری و ئاسانکاری و هاندان پێشکەش بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات.

**ماددەی شازدەم :**

ئەو ماف و دەسکەوتانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بریتین لە ڕادەی هەرە کەمی ئەو مافانەی کە دەبێ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمدا لێیان بەهرەمەند بن.

**ماددەی حەڤدەم:**

حوكمەكانی ئەم یاسایە بە سەر كورتە باڵایانیشدا پیادە دەكرێت و بەو شێوەیەی لە مافەكانیان كەم ناكاتەوە.

**ماددەی هەژدەم:**

**دەبێ هەردوو وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و، تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ دیاری كردنی ئەوانەی** حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە كەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت دەربكەن.

**ماددەی نۆزدەم:**

**دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**ماددەی بیستەم:**

كار بە هیچ دەقێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت.

**مادەی بیست و یەكەم:**

**ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت .**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

**هەولێر**

**١٧/ كانوونی دووەم /٢٠١٢ ی زایینی**

**٢٧ / بەفرانبار/ ٢٧١١ ی كوردی**

**٢٤ / صفر /١٤٣٣ ی كۆچی**

## " هۆی دەرچوونی "

**بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ یارمەتیدانی كەمئەندامان و خاوەن پێدوایستیی تایبەت بۆ تێكەڵ بوونی دەروونی و ژینگەیی لەگەڵ كۆمەڵ و دابین كردنی دەرفەتی چاودێری و پاراستن و مەشق و شیاندن و كار كردن بۆ لادانی لەمپەری جەستەیی و كۆمەڵایەتی كە بوونەتە هۆی بێ بەش بوونیان لە ماف و ئازادی تا دەسكەوتی ماددی و مەعنەوی زیاتریان پێ بدرێت و، لەگەڵ بنەما سەرەكییەكانی یاسای مرۆییانەی نێودەوڵەتی و ڕێككەوتننامە و پەیماننامەی تایبەتی دەرچوو لە كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بگونجێت، ئەم یاسایە دەركرا.**